## تکایه

# ئەم بارە سێوانە دامەگرن !!

قوبادی جەلی زادە

1
بێم  لەوێی هەڵەبجە

بێم لە وێی

لە وێی !؟

یا بەدیار ووشك بوونەوەی بارانەوە ،

تەڕ تەڕ سەفەر دەکەی !

2
بێم لە وێی هەڵەبجە

لەوێی بێم

بێم !

یا لە کاروانسەرای مەرگدا ،

بە کاروانچییە  دەمامکدارەکان دەڵێی :

« تکایە ئەو بارە سێوانە دامەگرن !»

3
بێم هەلەبجە لە وێی

لە وێی هەلەبجە

لە وێی بێم !

ئێستاش دارە مەیتەکانت هەی بەسەر شانەوەن !

لە ناشتنی تەرمی گەلاکان هەر نە بوویتەوە !

بە خوێن نووسینی کێلەکان کۆتایی یان  هەر نەهات  ؟

ئیستاش هەر  : « قازان قەتاران  .. کوڵینگان هەوایی !؟؟ »

4

**هەلەبجە بێم لە وێی**

**لە وێی بێم**

**بێم لەوێی !**

**یا سەرقاڵی جیا کردنەوەی ،**

**ئەسپی شەهیدو**

**پشیلەی شەهیدو**

**کۆتری شەهیدیت !؟**

**یا مژوولێ تێکەڵ کردنەوەی ،**

**کانی دابڕاوو ... رووباریت**

**گەڵای هەڵوەریوو .. درەختیت**

**شاباڵی هەڵفرین وو .... ئاسمانیت !؟**

5

**بێم لە وێی هەلەبجە**

**لە وێی**

**بێم لە وێی !**

**یا دەنوکی چۆلەکەیەك ، پڕ دەکەیتەوە لە فووی ئومێد .**

**هەلەبجە لە وێی ..**

**یا لە نەخۆشخانەیەکی نەخۆشدا ،**

**رۆح دەچۆڕێنیتەوە ، لەشی سمۆرەیەك ،**

**کە لە رۆژی ژەهرەوە ، نەیپرژاوەتە ماچکردنی**

**گەردنی گوێزێك !**

6

**لەوێی بێم هەڵەبجە**

**بیم لە وێی**

**بێم لەوێی !**

**ئەی لە کوێی کەسەکەم ..؟**

**چاویلکە دابەش دەکەی**

**یا دارشەق ؟!**

**یا پێنج هەزار شەتڵی تەنیایی دەچێنیت !؟**

7

**لە وێی بێم هەڵەبجە**

**بێم**

**هەلەبجە بێم لە وێی !**

**یا سەرگەرمی ،**

**ژیر کردنەوەی گریانیت ، لە باوەشی دووکەڵدا**

**خڕ کردنەوەی خۆلەمێشی ڕەشکێنەی ، لە چاوی ئاگرداندا !**

**لێکردنەوی گەردنی هەناریت ، لە پەتی « سێو » دا !؟**

8

**چی دەکەی هەڵەبجە**

**لە وێی بێم**

**بێم !**

**یا ئاوی قوڕاوکراوی ، کانیەکان دەپاڵێویت !**

**تۆز لە یاڵی ئەسپە شەکەتەکان ، دادەتەکێنیت !**

**یا بەسروەی هەناسەی عەنبەر خاتوون ،**

**گەلاَ**

**گەلاَ ،**

**درەختەکان پاک دەکەیتەوە لە ژەهر !**

9

**بە چییەوە خەریکی هەڵە بجە ..**

**لە وێی بێم**

**بێم لە وێی**

**یا لەگەڵ مەولەوی دا ،**

**شووشە لە پەنجەرەی شیعر دەگریتەوە !**

بەیازە رژاوەکان دەخەیتەوە سەر رەفەی حوجرە !

رەحلەکانی قوتابخانە ریز دەکەیتەوە ؟

تەختەرەش دادەکوتیتەوە بە دیوارا !

تەپەشیر دەدەیتەوە دەستی مامۆستا !!؟

10

بیم لە وێی هەڵەبجە

لە وێی بێم

لە وێی !

یا لە قەراغ رووبارێکدا کزکز دانیشتووی و

ترس لە ماسیە زراو رژاوەکان دەردەکەیت !

روناکی بە قرژاڵە کوێرەکان دەبەخشیتەوە !

بۆقە لاڵ بووەکان فێری گۆرانی دەکەیتەوە ؟!

11

لە وێی هەڵەبجە ..

نا .. خۆت هیلاک مەکە !

بە نزای فرمێسک و

بەگریانی گەرم ،

عومەری خاوەرو کۆرپەکەی

لە ئامێزی یەکتریدا ناترازێن ...

بە گوێم بکە ،

لە تاکە گۆرێکدا بیان نێژە .. هەڵەبجە !!

12

سەیر کە هەڵەبجە

هەڵەبجە سەیر کە ..

ئێستا لە شانەی رێکخستنی یەک حزبدا ،

دوو شەهید بە یەکەوە ، دانوویان ناکوڵێ !

ئێستاکە لە خوڕەی رووباری یەك حزبدا ،

جەللادو شەهید ، بەیەکەوە ئاو دەخۆنەوە !!

13

چی کۆدەکەیتەوە هەڵەبجە

چی کۆدەکەیتەوە

چی !

بۆ ئینسانیەتی کەڕ ، پێنج هەزار هاوار !؟

بۆ ئیسلامیەتی کوێر ، پێنج هەزار مەسحەفی سووتاو!

بۆ دەسەڵاتی بۆن نەکەر ، پێنج هەزار گوڵی برین !؟

چی کۆدەکەیتەوە

چی !؟

14

بێم لە وێی هەڵەبجە

بێم لە وێی

لە وێی بێم !

دەزانم لانکێکت دۆزیوەتەوە ، کۆرپەکەیت لێ وونە !

دەزانم گۆچانێکت دۆزیوەتەوە ، دەستەکەیت لێ وونە !

دەزانم گەردانەیەکت دۆزیوەتەوە ، گەردنەکەیت لێ وونە !

15

بێم لەوێی

لە وێی بێم

یا بە نیازیت ،

بە بەرماڵی برینەوە سەر لە خودا بدەیت !

هێقەی پێغەمبەران راتەکێنیت !

بە فریشتەکانی شەڕی بەدر بلێی :

بۆ لە 16 \ 3 دا فریای ،

**منداڵە موسڵمانەکانی من نەکەوتن !؟؟؟**

16

**بێم لە وێی هەلەبجە ..**

**لەوێی بێم**

**بیم لە وێی !!**

**یا بە دیار شەهید بوونی نێرگزی ژیانەوە ،**

**باسکت کردۆتە گەردنی تەنیایی و**

**ژەهر دەکێشیت !؟؟**

**بیمْ لە وێی دڵەکەم**

**کەسەکەم بیم لە وێی**

**ماڵەکەم ، لەوێی**

**بێم**

**بیْ ... م !!؟؟؟؟**